# قوڕەكان

شیعری/فیفیان سلێوە

وەرگێڕانی/عەلی نارێنی



## قوڕی یەكەم

1

نیشتمانێكی هەمیشەیی نییە

هەمووومان رێبوارین

2

شتێك كۆمان ئەكاتەوە

ئەوە مەرگە؟

3

ژیان روونە

ئێمە تەمومژاوین

4

تەنیا ئەژین

كتومت

وەك خۆمان

5

دیدێك دەدڕێنین

ئاسەوارەكەشی

لە چاوانماندایە

6

زۆرێك لە بارگرانیەكانمان فڕێ دا و

نەگەیشتین بە بڕیار

هەموو شتێك لە دەوروبەرمان

گوێ هەڵدەخا

7

تەوقە لە گەل دارتێلدا ئەكەین

تا بڕۆخێ بە سەرمانا

هەڵدێین

تا ئاشكرا نەبین

## قوڕی دووەم

1

وەهمەكان وڵاتن و

ماڵەكانمان

دەزووی جاڵجاڵۆكەن

2

جەستە وشكانیە و

رۆحیش بروسكەو

چەخماخەیە

3

لە ئاوێنەكاندا

كامڵ و

بێ کەلێنین

ئێمە

4

هەڵەکانمان ئەزانین

وەك چۆن کاتژمێر

زنجیرەبەندی

ژمارەکانی خۆی ئەزانێ

5

ناتوانین گیا قایل بکەین

ببێت بە بێستان

6

لە دەرگایەکەوە دەرچون نییە

کە کلیلەکانی نادیارن و

ئێمەش داخراو

7

چی بکەین

بە شتگەلێ بەسەرماندا سەپێنراون

بیانکەین بە خۆڵەمێش

یان خۆڵ؟

## قوڕی سێیەم

1

کەمی لە خوێندا

کەمی لە خۆشەویستیدا

لە ویژدانیشدا کەمییەك هەیە

ناوی دەنێین زیرەکی

2

**درەخت عەقڵی نیە**

**بەڵام**

**پتر تێ ئەگا**

3

**وەك یەكین**

**چونكە خۆڵین**

4

**چی**

**بەم هەموو ئاسمانە بكەین**

5

**زۆر قورسە**

**ئەم كەمە**

6

**نە لە تیشكدا**

**هەین**

**نە لە بێدەنگیدا**

7

**تەكان دەدەین و**

**هەرگیز**

**راناوەستین**

8

**رادەبینەوە**

**تا زریپۆشی تەپوتۆزەكان**

**شەحن بكەین**

**لە خەونەكانیشماندا**

**مۆتەكە گولەباران دەكەین**

9

**خەوی ناخۆش تەواو بوو و**

**دوودڵیش**

**نەمرد**

# قوڕی چوارەم

1

**ئێسکێکی کون کون بوو**

**خۆڵ خواردی و**

**کەوت**

2

**هەموو دیوارەکان بێ بڕبڕەن**

3

**ماسیەکی پەککەوتە**

**لە گێژەنەی ئاوێکدا**

**دەرچوونی بۆ نییە**

4

**وەك نادەربەستی**

**پێکانمان**

**مومارەسەی ئاوارەبوون ئەکەن**

5

**بەرەو گۆڕانکارییە بێهودەییەکان**

**ئەڕۆین**

6

**لە مۆزەخانەدا**

**سەرێك**

**هەڕەشەی بڕینی لێ ئەكرێ**

7

**ئاسمان وزەوی**

**هاوبەشن**

**لە نێوانیشیاندا ئێمە**

**بێزاری ئەچنینەوە**

## قوڕی پێنجەم

1

**زەوی كەوانەییە و**

**لە پشتیشیەوە**

**رۆحەكانمان دەچەمێتەوە**

2

**ئێسكەكانی خۆمانمان**

**هەڵگرت و**

**بەردەوامیش ئەترسین**

3

**دەنگمان خنكاوەو**

**خەونەكانیشمان**

**لە گۆڕەپانی نەماندا ئەشەلن**

**قەیران بە خێرایی بێدەنگی دەمانبات**

4

**لە نێوانماندا**

**کەسێك نییە**

**دەست لە تاراوگەی خۆی**

**هەلگرێ**

5

**ئاوێنەکانمان شاراوەن**

**هەروەها روخساریشمان**

6

**چەکگەلێك لە نیشتماندایە و**

**پێڵاوگەلێکیش لە ناو سەرەکاندا**

## قوڕی شەشەم

1

**شێوەیەك نییە بۆ پانتایی**

**وێرانە**

**بۆ وێرانە راماندەکێشێ**

2

**بەژنەکانمان**

**وەك (راستەیەکی) گێڕ**

**هەرگیز راست نابێتەوە**

3

**ئێمە لە ماڵ دەرچوین**

**تا ئەو تێماندا**

**نیشتەجێ بێ**
4
**دەچینە نوستن**

**تاکو بەرخی بیرچوونەوە**

**هاوەڵمان بێت**
5

**دارشەق بوین ئێمە**

**بۆ نیشتمانی گۆجمان**
6
**تاوانە لاڵەکە**

**هێلکەکەی هەڵهێنا**
7
**با گشت**

**مەنفا**

**بخوێنەوە**

# قوڕی حەوتەم

1
**تارماییەکان جلکەکانیان ئەگۆڕن**

**تا لە سەر شانۆ**

**دوای چەند چرکەیەك رۆڵی خۆیان ببینن**
2
**رووبارەکان ئاوەژوون**

**لە بنیاندا**

**پەیکەرە ئێسك هەیە**
3

**وێنەی جولاّوەین**

**ئێمە**

4

**چەند بچوکین لە گەل ئەوەشدا**

**کونێك نییە**

**بمانکێشێ**

5

**چاوەکانمان**

**کوێری چڕ دەکەنەوە**

6

**(با)تێدەشکێنین و**

**یارمەتی**

**ئەو دارتەلانە ئەدەین کە بێبەشن لە دانیشتن**

7

**نیشتمانێکمان ئەوێ**

**لە دەرەوەی ئەم جیهانە**

8

**بێ جێگیربوون**

**بە جلێکی خۆلاّویەوە دەتلێینەوە**

**بۆ کلۆم کردنی دووبارەی زەوی**

9

**روخسارەکانمان**

**لە شوشەیە**

**ئەبێ ئاگاداربین**

10

**ئێمە**

**لەم**

**جیهانە**

هەمیشەییەداین
11
هێشتا
بە سەر پلیکانەدا سەر ئەکەوین
بێ ئەوەی ژمارەکانی بزانین
12
(با) هەنسك ئەدات
وەك ئەوەی
بێ جێگا بێ
13
هەروەها مێشیش
بۆشاییەکی گریمانەیی هەیە
14
جیهان
دادەخەین
بە بزماری مردوو
15
(با)
هەموو شتێك ئەجولێنێتەوە
ئێمە نەبێت

## قوڕی هەشتەم
1
تەنیا دواخستنی ژیانمان و
گۆڕینی ولاٚتگەلێك

کە بە کەڵکی ژیان نەیەن

**بەس نییە**

2

**هەموو سیمامان لە روخسارمانەوە دەردەچێ**

**هەموو ئێسکێکیش لە پێکهاتەماندا**

**گۆڕێکە**

3

**زەمەنمان**

**توانای نییە**

**خۆی دووبارە**

**بکاتەوە**

4

**بەرد نە دەرگای هەیە و**

**نە قەفڵ**

**ئەو بەردەوام داخراوە**

5

**پلیکانەی**

**وەستاو**

**بێ پلیکانەیە**

6

**گوندەکان**

**لە ژێر پێستەی تەپوتۆزدا**

**لە دایك ئەبن**

7

**بۆ یاسایەکی دادپەروەر**

**دەگەڕێین**

بۆ مەملەکەتێك لە بەزەیی

8

هەرلە کاتی لێکهەڵوەشانەوەی

نیشتمانەوە

ئێمە مۆمیا ئەکرێین

9

جەنگ

هەمیشە بۆ ئێمەیەو

نیشتمانیش بۆ دیکتاتۆر

10

کەلەسەرەکان بۆ زبڵدان و

پێستیشمان بۆ قاچاغچێتییە

11

چۆن بیر بکەینەوە؟

کە رزۆکی گەیشتۆتە

عەقڵ

12

چۆن وڵاتێکە ئەمە

هەموو شتێك سنوورەکانی ئەبڕێ

تەنیا ئازادی نەبێ

13

هەر لە دێر زەمانەوە

بە پێچەوانەوە

رووەو ئازادی ئەژمێرین

هێشتاش هەر ئەژمێرین

**به هیوای گەیشتن بە(سفر)**

14

**داستانێك**

**پەنا ئەباتە بەر ئاو**

**تا بیسڕێتەوە**

15

**ئەو دەرچوونەی کە لە دەرگاکە داماڵرا**

**وامان لێهات**

**پەنجەرەکانمانی پێ چوارچێوە بکەین**

16

**دەیەکی**

**خەمۆکی بۆ جیهانە و**

**نۆیەکەیشی بۆ ئێمە**

17

**هەموو ئەم پێیانەی**

**سەر زەوی**

**بەرەو یەك ئاراستە ئەڕۆن**

18

**ئەمە نیشتمانێکی هەمیشەییە**

**یان مەرگێکی کاتی؟**

19

**زۆرینەی گۆڕستانەکان لێرەن**

**دەبێ ئازادی هەبێ**

# قوڕی نۆیەم

1

ئەندامەکانی جەستەمان بۆ جێ دێڵن

لە کەڵپەی سەگ هەڵدێین

بۆ لای بەزەیی گەرگ

2

سواڵی نیشتمانێك و

گەرووییەك دەکەین

زارەکانیشمان

لە بەرمیلەکانی (با)دا ئەشۆین

3

هاتینە زەویەك

تێیدا دەمێك

هەموو دەمەکانی تری ئەجوێ

4

ماڵەکەمان کە ئازادبوو

درەختەکەی دەسگیرکرا

5

هیچ شتێك هی ئەم ماڵە نییە

کە میچە ئەندازەییەکەی

جێگا فوودراوەکانی بە خەڵکی نامۆ

ئێمەین

## قوڕی دەیەم

1

ئەو جێگایەی کە بێ ئاسمانە

ئەروانێتە چی

تا خۆی ببینێ؟

2

لە پۆرترێتی ئاودا

نیو پەیکەر

بۆ قوربانی جەنگ

3

لە گوندێکی بچوکی سپیدا

بەرد

نەخۆشی ماندوی کردووە

4

قەلەڕەشکەکان بە بێ لادان دەکەون

مەرگیش لە پاڵیاندایە

5

چەندە نزیك ببینەوە

دوورییەکان زیاد ئەکەن

6

لە دەرەوەی ئەم ماڵەدا

دەمێك چەشنی پانتایی

(بوار نییە بۆ بەدەست هێنانی)

7

بۆ کۆچێك بۆ ئەستێرەی میسۆلۆجی

وێرانە ناچارمان ئەکات

پەلە بکەین

8

**هەمووومان لە دەفتەری ژیاندا**

**تەنیا بە نمرەی**

**ئامادەنەبوون**

**دەردەچین**

**⋆ فیفیان سلێوە کچە شاعیرێکی عێراقییە**

**⋆ساڵی(1979) لە بەغدا لە دایك بووە.**

**⋆لە تەمەنی (15)ساڵیدا دوای ئەوەی حکومەتی بەعس سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لە سێدارەدا،عێراقی بە جێهێشت ورووی کردە وڵاتی سوید.**

**⋆دوو کۆمەڵە شیعری چاپکردووە،یەکەمیان لە سوید بە ناوی(خەمی وەرزەکان)بە سویدی،دوەمیش بە ناوی(قوڕەکان) بە زمانی عەرەبی لە دیمەشق.**

**⋆بە هەردوو زمانی عەرەبی وسویدی شیعر ئەنووسێ.**

**⋆ئێستا لە لەندەن نیشتەجێیە.**